# (هیلده بێک) و پلەی بەرزی هەستی مرۆڤدۆستی

لە ناوەڕاستی ساڵەکانی ١٩٧٠دا (**هیلدە بێک**)ی سویدی لە ڕێگای کاناڵە تەلەڤیزیۆنەکانەوە ئاگاداری ژیانی دژواری منداڵانی ئەفریقایی بوو، پاشان بیری لەوە کردەوە چی لەدەس دێت و دەتوانێ چی بکات، لەو کاتەدا پێوەندی بە ڕێکخراوەی گوندێکەوە لە وڵاتی (کینیا) کە یارمەتی منداڵان دەدا، کرد و کوتی ئامادەیە مانگانە یارمەتی منداڵێک بدات و مانگی ٩٠ کرۆنی بۆ ڕەوانە بکات، ئەو منداڵەی کە ئەو دەروازەی بە ڕوودا کرایەوە منداڵێکی ٥ ساڵەی کێنیا(غانا) بوو بەناوی (**کریس موبورو**) کە دایک و باوکەکەی توانایی ئەوەیان نەبوو پێداویستییەکانی ژیانی دابین بکەن.

ئەو٩٠ کرۆنە دەبێ بە مایەی خۆشبەختی کریس و بەو یارمەتییە دەتوانێ ڕوو بکاتە قوتابخانە، لە یەکەمین نامەی خۆیدا کە بۆ (هیلدە بێک)ی دەنووسیت، بەو جۆرەی دەڵێت: بەو٩٠ کرۆنە یارمەتییە کەوشم کڕیوە و ئیتر بە پێخاوسی ناگەڕێم، هەروەها دەڵێت تێکڕای نمرەی وانەکانم لە قوتابخانە وان لە بەرزترین پلەدا.
(هیلدە) ماوەی ١٥ ساڵ مانگە مانگی٩٠ کرۆن تا ١٤٠ کرۆنی بۆ ڕوانە دەکات، پاش ئەو ماوەیە پێوەندییەکەی لەگەڵ (کریس) کە بە منداڵێکی بچکۆلەی خۆی دەزانی، دەپسێنێت، بەڵام کریس هەردەم لە یادی (هیلدە)دا دەبێت و قەت فەرامۆشی ناکات.
کریسە بچکولەی کینیایی کە یەکەمین جووتە کەوشی خۆی بە یارمەتی مانگانەکەی (هیلدە) کڕیبوو، هەر بەو یارمەتییەیش ڕێگای قوتابخانەی گرتبووە پێش، پلەکانی خوێندن بە باشترین نمرەوە دەبڕیت خۆی دەگەیەنێتە زانستگا و لە بەشی مافناسی زانستگای (هاروارد)ی ئەمریکا خوێندن تەواو دەکات و لە ساڵی٢٠٠٢دا وەک دادوەرێکی بەتوانا و کارمەندێکی پایەبەرزی ڕێکخراوەی نەتەوەیەکگرتووەکان لە شاری (ژنێڤ لە سویس) لە بەشی مافی مرۆڤدا دەس بە چالاکی دەکات. کریسە بچکۆلە ئیستا خاوەنی هاوسەر و دوو منداڵە و لە شاری ژنێڤ دژی.
ئەم دادوەرە پایەبەرزە جگە لە کاری دادوەری کارێکی گرنگی هەیە و دەبێت ئەنجامی بدات، ئەو کارەیش دیداری (هیلدە) ئەو دایکەی کە ئەوی گەیاندووە بەو پلە، بەڵام هەرگیز نەیدیوە.
(کریس) ماوەیەک لە ڕێگای ئەنترنێتەوە بدوی (هیلدە)دا دەگەڕێت، بەڵام دەسکەوتێکی نابێت. پاشان بۆ ئەنجامدانی ئەو کارە لە ساڵی٢٠٠٢دا پێوەندی بە باڵوێزخانەی سوید لە کینیا لە شاری (نایرۆبی) دەکات تا لەو کارە واتە بینینەوەی (هیلدە)ی دایکی یارمەیتی بدەن. لەم پرۆسەدا هیلدەی تەمەن ٨١ ساڵە لە ڕێگای باڵوێزخانەی سوید لە کینیاوە پەیامێک وەر دەگرێت کە دادوەرێک بەناوی (کریس موبورو) بە دووی ئەودا دەگەڕێت.
**ڕاستی شتی وا دەبێت؟**
**بڵێی، ئەوە کریسە بچکۆلەکەی خۆم بێت؟**
کریسە بچکولەی دادوەرە لە ساڵی٢٠٠٣دا لە فرۆکەخانەی کینیا بە پلاکاردێکەوە کە لەسەری نووسراوە (**هیلدە**) چاوەڕوانی نیشتنەوەی فرۆکەیەک دەکات تا دیداری بە دیداری مرۆڤێک، ژنێک، دایکێک، باوکێک، فریشتەیەکی نەجاتبەخش کە ئەوی لە کێژاوی هەژاری و نەداری دەرباز کردووە و گەیاندوویەتە ئەمرۆ، شاد بێت. فرۆکە بە ئارامی دەنیشێتەوە و (هیلدە) لەسەرخۆ لە فرۆکە دێتە خوار، لە ساڵۆنی فرۆکەخانە، لە جهانی ئاوات نزیک دەبێتەوە، بە بینینی ناوی خۆی لەسەر پلاکارتێک بزەی خۆشی و خۆشەویستی سیمای گەشتر دەکات و دەستی گەرم و ئاهەنگی لێدانی دڵی (**کریسە بچکۆلەکەی**) دەبنە هۆی ئەوەی هۆنهۆن ئاوەنگی پەنگ خواردووی چاوە گەشەکانی بە گۆنایدا بێتە خوار و پەردەکانی گوێی بە (ئاهەنگی هەنسکی کریانی تێکەڵ بە شادی کریسی کوڕی) بلەرینەوە و کۆڵی دڵی شادیبەخشی هەر دوویان دامرکێتەوە و چرۆی شادتر لە ترۆپکی درەختی باڵایاندا دەمکاتەوە.

**کریسە بچکۆلەی** دادوەر لە پێناوی ئامانجی بەرزی مرۆڤدۆستانەی (هیلدە)ی دایک و فریشتەی ڕەزگاریبەخشدا ناوەندێک بە ناوی (**ناوەندی هیلدە**) کە یارمەتی بە (**منالآنی هەژار و کەمداهات، بەلآم هوشیار**) دەکات، دادەمەزرێنێت، هەر لەو ماوەدا کە (هیلدە) لە کینیا دەبێت بەرنامەی کارەکانی دەس پێدەکات.

(**هیلدە بێک**) ئێستا وا لە تەمەنی ۸۸ ساڵیدا و لە شاری وێستروسی سوید دەژی.
باوک و دایکی (هیلدە) لە ماوەی جەنگی دووهەمی جهانیدا لە ئۆردووگای زۆرەملی نازییەکان لە ئالمان دەکوژرێن و خۆیشی لە ژێر چەتری مرۆڤدۆستانەی خەڵکی سوید گەورە دەبێت و پاداشی خەڵکی سوید بەو جۆرە لە کینیای ئەفریقا دەداتەوە.

فیلمێک سەبارەت بە(**هیلدە و کریس موبورو**) لە ڤستیواڵی فیلمی (سندانس) لە ئەمریکا دورست کراوە. لەو فیلمەدا (کریس موبورو) بەو جۆرە دەڵێت:
**من هیچ کاتێک ئەوم نەدیبوو، هەمیشە لە خۆمم دەپرسی، دەبێت ئەم کەسە چۆن مرۆڤێک بێت؟ بینینەوەی ئەو بۆ من زۆر گرنگ بوو، چونکە تاکە شتێک کە لە ژیاندا نەمبوو، بەس ئەو بوو، ئەو!**

| **گەشتی هاوینی** | **Semester resa** |
|---|---|
| ئەمەوێ بفرم<br>بفرم بۆ قولآیی دڵی ئاسمان<br>بۆ ئەوەی کۆکەمەوە ئەستێرەی پرشنگدار و جوان | Jag vill flyga<br>och åka upp<br>för att plocka fina stjärnor |
| ئەمەوێ سەرکەوم<br>بۆ سەر لوتکەی کێوە بەرزەکان<br>بۆ ئەوەی کۆکەمەوە گوڵی بۆنخۆش و جوان | Jag vill gå på berg<br>På de högsta bergen<br>för att plocka fina blommor |
| بیان هێنمە خوار<br>بۆ شار و گوندەکان<br>بیدەم لە یەخەو بەرۆکی کوڕ و کچی هەژاران | och hämta dem<br>för fattiga<br>pojkar och flickor |

۲۰۰۵/٦/۱۳

ئەم بابەتە بە فارسی نووسراوە و لە سایتی(www.stockholmian.com ) وەرگیراوە، بۆ بینینی خودی نووسراوە فارسییەکە، هەروەها وێنەی (هیلدە و کریس موبورو) و بەشێک لە فیلمەکە دەتوانن تماشای ئەو سایتە بکەن

**تێبینی:** بەشی سەردانی (هیلدە بێک) و دیداری لە فرۆکەخانەی نایرۆبی - وەک ئەوەی کە لە فارسییەکەدا نووسراوە، نەمنووسیوەتەوە، بەڵکو لە رووی هەستی خۆمەوە پێم باش بوو بیڕازینمەوە.
سپاس بۆ سایتی ستۆکهۆڵمیان کە ئەو باسە جوان و گرنگەیان بڵاو کردەوەتەوە!

**سەعی سەقزی**
**۲۰۱۰/۳/۲۴**
qayshi@yahoo.com